KURDISH CULTURAL

# بابۆپێشەوە هەنگاو بنێین

راپۆرتی گشتی کۆنفرانسی یەکەمی

## مەڵبەندی رۆشنبیری کورد

-- لەندەن --

حوزەیرانی ١٩٨٦

## راپورتی گشتی کونفرانسی یەکەمی مەلبەندی
## روشنبیری کورد لە لەندەن ٧/٦/١٩٨٦

میوانە بەرێزەکان ،

خوشک و برایانی ئازیز ، ئەندامانی بەرێزی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد

ئێمە کە ئەمرۆ لە یەکەم کۆنفرانسی ساڵانەی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد دا کۆبوویینەوە ، ئەرک و ئۆباڵێکی گەورەمان لە ئەستۆیە.. لەسەرمانە هەنگاو بۆ پێشەوە بنێین و نەگەرێینەوە بۆ دوواوە... لەسەرمانە کەمو کورتی و کەلێنان پر بکەینەوەو بنچینەیەکی پتەو، رێک ، درووست بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر دابرێژین . لەسەرمانە خۆمان لە کەم بینی و پشوو کورتی و ناتەبایی و دژایەتی زیانبەخش دوورخەینەوەو چوارچێوەی یەکێتی و هاوکاری دیمۆکراتیانە ، بەهێز بکەین... هاورێیان، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئێمە لەم هۆڵەدا نموونەیەکی گەلەکەمانین، هەرچەندە نموونەیەکی بچووک و ناتەواویش بێ، بەڵام ئێمە لە بارو حاڵێکی زۆر تایبەتی و زۆر گرنگ داین.. رەنگە لە ئاستی هەموو کوردستاندا لە ئاستی هەموو کوردی ئەوروپا و دەرەوەی وڵاتدا ، ئەمە تاقە کۆبوونەوەیەک بی کە ئاوا هەموو کوردیکی بێ جیاوازی کۆکردۆتەوە ... هەموو لایەن و رێکخراوو پارت و کەسانی سەربەخۆ - تێیدا بەشدارن ، ئەمە خۆی لە خۆیدا ، رووداونێکی گرنگە ، دیاردەیەکی گرنگە ، هەنگاوێکی باشە بۆ پێشەوە. دیارە هەموومان، لە دڵەوە ، لە ناخی دەروونەوە ، ئاواتەخوازی ئەو رۆژەین کە لە هەموو وڵاتێکی ئەوروپادا ، کوردان بەم چەشنە یەک بگرن و کۆبوونەوەو جڤین سازبکەن و بە رێگاو شێوەی دیمۆکراتی - دەربەستی ئەو مەسەلەو کاروبارانە بێن کە نەک تەنیا بۆ کوردی دەرەوەی وڵات ، بەڵکو بۆ تەواوی گەلەکەمان سوود بەخشن.. لەمەش زیاتر ، هەموو نیاز و خواست و خەون و ئاواتێکمان ئەوەیە ، کە رۆژێ لە رۆژان، کۆنگرەیەکی دیموکراتی فراوان پێک بێ و هەموو پارت و رێکخراوو رووناکبیران، کەسێتییەکانی سەربەخۆی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری کورد- لە هەموو پارچەیەکی کوردستانەوە تێیدا بەشداربن و بنچینەی یەکێتی نەتەوەکەمان و ستراتیژی و بەرنامەی پاشەرۆژی دابنێین ...
جا بۆیە نابێ وەک رووداوێکی ئاسایی سەیری ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمرۆمان بکەین . دەبێ وەک نموونەیەکی بچووکی ئاواتێکی گەورەو گران سەرنجی بدەینێ . ددبێ وەک تاقیکردنەوەیەکی دیمۆکراتی بە ماناو بایەخ پێشوازی لێ بکەین...دەبێ بەو هەست و هیوایەوە رەفتاربکەین کە نموونەیەکی سەرکەوتووی وا پێشکەش بکەین لەلایەن هەموو کوردانی وڵاتانی دەرەوە چاوی لێ بکرێت و لە یەکێتی و

هاوکاری دیمۆکراتیانەو دڵسۆزانەی خۆمانەوە، بکەوینە هەوڵ و تەقەلا بۆ پێکهێنانی یەکێتیو هاوڕیزی و هاوخەباتی هەموو کوردەکانی ئەورووپا .

خۆشەویستان .

ئەوە نە ئاواتێکی دوورە دەستە نە زیندە خەونە. گرانیو سانایی ئەم ئەرکە خۆمان دیاری دەکەین ـ سەرەتاو کۆتایی خۆمانین، هەستو هەڵوێستو بیرکردنەوەو کردارو ڕەفتاری خۆمانە، وامان لێدەکا گەورە دەرکەوین یان بچووک، بێ هێزو لاوازو کەنفتە بین، یان بەهێزو بەرێزو سەرفرازبین . دابەشدابەشو پەرتو بێ ناونیشان بین، یان خاوەنی هەوێتیو کەسێتیو دەنگو ڕەنگو نیشتمان بین..دیارە کۆکردنەوەو یەکبوونیش بە بێ چوارچێوەو زەمینەیەکی دیمۆکراتی نایەتە دی...
بەلام کە دەلێین ( دیمۆکراتی ) دەبێ رادەی ماناو مەبەستی ئەم وشەیە تێبگەین..
دیمۆکراتی ـ لێرەدا مەبەستمان تەکنیکییە رووتەکەی نییە. دیموکراتی ـ تەنیا ئەوە نیە کە دەنگدان هەیەو ئیدی هەر کەسە دەنگی خۆی دا پشتی لێ بکاتەوەو وابزانێ ئەرکی دیمۆکراتیو نەتەوەیی خۆی ئەنجام داوە!.. نە... ئێمە بەشێکین لە نەتەوەیەکی گەورەو دیمۆکراتیەت پێویستیو پرۆسێسێکی مێژوویی بەربڵاوو بەگرێو گۆڵ و درێژخایەنە... ئێمە وەک ئاوارەو دوورە وڵاتلێرەین . بەلای کەمەوە، لە مەترسی کوشتنو بڕین و چەوساندنەوە بەدوورین .. ئەرکی قورسو دژواری خەباتی رۆژانەمان لەسەر شان نییە... لەبەر ئەوە ناتوانین هیچ مومارەسەیەکی دیمۆکراتی نموونەیی بکەین ئەگەر خۆمان لە نەتەوەکەمانو لە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی مێژووی نەتەوەکەمان بەدوور بگرین ... وەک دەزانن وشەی دیمۆکراسی یانی حوکمی گەل . ئێمەش دەبێ لێرەوە خۆمان بە لێپرسراو بزانین بەرامبەر گەلەکەمان لە کوردستاندا، بەرامبەر ئەوانەی ژیانی رۆژانەیان خەمو خوێنو خەباتی بێ پسانەوەیە... ئەوان سەرچاوەن، ئەوان ناوجەرگەی بزووتنەوەی مێژوویی ئێمەن، ئەوان مێژوون . لە ئاکامدا ئەوان دەبێ حوکم بەسەر ڕاستیو درووستی هەر کارێکدا بدەن کە ئێمە لێرە دەیکەین ....
لێرەوە، پێویستە بیرکردنەوەی دیمۆکراتیانەمان لە چوارچێوەی ئەم هۆڵە بچێتە دەرو هەموو کوردستان ببینن و ئەم مەڵبەندەش وەک دەزگاو ڕێکخراوێکی کوردستانی دیموکراتیک و پێشکەوتنخواز ببینین ، کە ئەرکو ئۆباڵی مێژوویی گەورەی لە ئەستۆن و دەشێو دەکرێو دەتوانرێ، ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتووی شێوەی ڕێکخستنو یەکخستن و بەکارخستنی ووزەو هێزو توانستی جەماوەری کورد لە ئەورووپادا .
گەر ئاوا بیربکەینەوە، گەر دڵسۆزانەو کوردپەروەرانەو ڕۆشنبیرانە خۆمان لە دەردی ناکۆکیو تەسک بیری رزگار بکەین، گەر وشەی چاک و بیری چاک و کرداری چاک بکەینە پێوانەی حوکم دانەکانمان، گەر دڵسۆزی بۆ یەکگرتنو ئیشکردن بۆ خزمەتی نەتەوە بکەینە بواری تاقیکردنەوەی ڕاستو چەوت، باشو خراپ، سوود بەخشو زیاندار،... ئەوسا بێگومان دەتوانین بە دڵنیاییەوە هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە بنێین ....
بردنەوە، لەم کۆبوونەوەدا، لەم هەڵبژاردنەدا، لەوەدایە کەرۆحی دیموکراسیو ڕێزی دیموکراسی بپارێزینو بگەینە ئەنجامێککە بە سنگیکی فراوانەوە بێ هیچ

ناڕەحەتیەکی دەروونی، هەموومان براوەبین .

**

دیارە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەی لێرەدا پێکەوە کۆکردوتەوە ڕێکخراوێکی دیموکراتیە، ساوایەکی یەک ساڵەیە کە ناوی مەڵبەندی ڕوشنبیری کوردە ... هەموومان دەزانین کاتێ کۆرپەیەکی ساوا لەدایک دەبێو دەست دەکا بە گەورە بوون و گڕوکاڵ و پێگرتن، دەبێتە جێگەی سەرنجو تێڕامان و لێکدانەوەی کەس وکارو دراوسێ: ئەگەر زوو فێری زەردەخەنەو پێکەنین بێ، ئەوا لە کوردەواری خۆماندا، هەندێ پێی دەڵێن: ئەوە بەدەم فریشتانەوە پێدەکەنێ، هەندێکی دیش دەڵێن بەدەم جندۆکانەوە دەخەنێ. گەر زوو پێی گرت و قۆڵ و مەچەکی ئەستووری داڕشتن، هەندێ بە حەسوودییەوە سەیری دەکەنو دەڵێن ئەوە مەخلووقەیەکی نەگبەت دەبێو عاقیبەتی خێر نابێ؟. ڕەنگە هەندێکیش بڵێن: جوانو خرپنە، گرۆیەکی دی بڵێن: هاروهاجو بێ تەربیەتە؟! .

دەمەوی بڵێم لەدایک بوون و گەشەکردنی هەر ڕێکخراوێکیش، وەک لەدایک بوونی هەر منداڵێک ڕوودا وێکی کۆمەڵایەتییەو دەبێتە جێگەی سەرنجو باس و خواسی خەڵک بەڵام دیارە لە ئاستێکی گەلێ گەورەترو بەربڵاوترو چڕتردا ... هەر وەک چۆن دایک و باوک ناو لە منداڵەکەیان دەنێن، بەڵام کەسێتی منداڵەکە خۆی لە پەروەردەو کرداردا دەنوێنێ، ئەئاواش دەرکەوتنی کەسێتیو چۆنێتیو تەبیعەتی هەر ڕێکخراوێکیش لە مەیدانی کرداردا دەردەکەوێ... جا بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی هێمنو زانستانە سەرنجی ئەرک و کاری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد بدەینو، ڕادەی پێگرتنو خۆگرتنی لە ماوەی ساڵێکدا هەڵسەنگێنینو نیگایەکیش بە کەسێتیو ئاسۆی ئایندەیدا هەڵێنین، پێویستە پێشەکی سەرنجی ناوو، کەسێتیو تەبیعەت و ئەرکی مەڵبەند بدەین :

## مەڵبەندو سیاسەت

ئایا مەڵبەند سیاسییە؟! ڕەنگە کردنی ئەم پرسیارە دوای ئەو پێشەکییەی سەرەوە پێویست نەبێ. بەڵام تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەڵێین: بێگومان مەڵبەند سیاسییە بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی ... سیاسییە چونکە مەڵبەندیکی ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیریش لە سیاسەت جیانا کرێتەوە. ڕۆشنبیری شێوەیەکە لە شێوەکانی خۆدەرخستنی سیاسەت و سیاسەتیش ناوەڕۆکی هەموو جۆرە ڕوشنبیرییەکە. دیسانەوە ، مەڵبەند ناکرێ سیاسی نەبێ چونکە مەڵبەندی ڕوشنبیری کوردە ، کوردیش ، وشەی کورد خۆی، یانی سیاسەت !! تەنانەت ناوهێنانی کوردو کوردستان بەنیسبەت داگیرکەرانی وڵاتەکەمانەوە: کردارێکی سیاسییە. باسکردنی پەناهیندەر ئاوارەی کورد کارێکی سیاسییە... ئەنجامی سیاسەتە ئێمە ئێستا ئاوارەین و لێرەین. کەوایە کەس ڕێزمان لێناگری گەر خۆمان هەڵخەڵەتێنینو بڵێین هەقمان بەسەر سیاسەتەوە نییەو، کەسیش ڕێگامان لێناگرێ گەر لە چوارچێوەی دەستوورو مافە دیموکراتییەکانی ئەم وڵاتەدا، هەر ئامانجو ڕێبازیکی سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی بۆ مەڵبەندەکەمان دیاری کەین،جگە لە ئامانجەکانی ڕوشنبیریو

کۆمەڵایەتیو ئینسانی، دەستووری مەڵبەند بە ئاشکرا ئامانجی پشتگیری کردنی مافی خۆبریاردانی چارەنووسی گەلەکەمانی لە کوردستاندا دیاری کردووە.. ئەمە ئامانجێکی مەرکەزی پیرۆزە کە هەموو ئامانجێکی تری پێوە بەندە .

## مەڵبەندو حیزبایەتی

مەڵبەند سیاسییە. بەڵام حیزبی نییە. واتە جێگایەک نیە بۆ بەربەرەکانێی حیزبایەتیو خزمەتکردنی سیاسەت و ستراتیژی حیزبگەری... دیارە وەک ڕێکخراوێکی جەماوەری، مەڵبەند جەماوەری هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان و خەڵکی سەربەخۆی تێدا هەیە. حیزب و ڕێکخراوەکان دەوریان هەبووەو هەیەو دەبێ دەوریان هەبێ لە پاڵپشتی مەڵبەند دا، واتە مەڵبەند حیزبی تێدا هەیە، بەڵام حیزبایەتی تێدا نیە . بەهێزبوونی مەڵبەندو پتەوبوونی بنچینەو ڕێبازەکەی لەوەدایە کە مەڵبەند ببێتە مەیدانی هاوکاریو هاوخەباتی جەماوەری هەموو حیزبەکانو هەموو ڕێکخراوەکان ، هەموو کەسانی سەربەخۆو بێلایەنو هەموو رووناکبیرانی کورد پێکەوە .

د وای ئەمە دەپرسین : چۆن دەکرێ مەڵبەند ببێتە مەیدانی هاوریزی و هاوکاریو هاوخەباتی جەماوەری کورد لە بەریتانیادا ؟!

ئەوەی زامنی ئەمە دەکا : یەکەم: دەستووری مەڵبەند. واتە مەڵبەند ڕێکخراوێکی دەستوورییەو دەوری کۆمیتەی بەریوەبردن بەجێگەیاندنی ئەو دەستوورەیەو بەبێ هیچ جورە لێ لادانێک .

دووەم: بەپێی ئەو دەستوورە، مەڵبەند ڕێکخراویکی دیموکراتی جەماوەری ناحیزبی بێلایەنە ـ لەرووی حیزبایەتییەوەو ئەرک و مافی هەموو ئەندامێکە کە ئەم سەربەخۆییو بێلایەنییەی مەڵبەند بپارێزێ . مەڵبەند پێشوازی هەموو کوردێکی دڵسۆز دەکا کە باوەری بە ئامانجو مەبەستەکانی بێ، لە پێناویاندا ئیش بکات ، ئیش کردن محەکی دڵسۆزییە .

## مەڵبەندو ڕۆشنبیری

ناوی : مەڵبەندی روشنبیری کورد ـ لە لەندەن لە یەککاتدا چوار شت دەکریتەوە. کورد، روشنبیری ، مەلبەندێک کە ئەو دووانە کۆبکاتەوەو، بوونی ئەو مەڵبەندە لە لەندەن ـ مادام ( ڕۆشنبیری ) ناوەرۆک و مەبەست و بەهانەی بوونی مەڵبەندە، تکا دەکەم دەرفەتم بدەنێ برێ بە درێژی لەم لایەنە باس بکەم .

شتێکی باش و گرنگە کە ناوی مەڵبەند ـ مەلبەندی روشنبیری ـ یە... Cultural Centre نەک مەڵبەندی کومەڵایەتی Community Centre. چونکە ڕاستییەکەی ڕۆشنبیری باشترین زەمینە بۆ پەروەردەکردن و دەربرینی ڕۆحی کۆمەڵگا Community دەرەخسێنێ . جگە لەمەش لە ڕێگای ناوەرۆک و مەبەست و چالاکی ڕۆشنبیرییەوەیە کە مەڵبەند مەودا و توانای پێشکەوتنی گەورەی هەیەو دەشێ و دەتوانێ بکرێتە نێوەندێکی فەرهەنگی و زانستی کوردیو ناوبانگێکی جیهانی بەدەست بێنێ .

مەبەست لە ڕۆشنبیری تەنیا مانا پسپۆریو تایبەتییەکەی نیە. ڕۆشنبیری

لێرەدا خاسێت و ئیمتیازی دەستەیەکی تایبەت و سەربژاردە (نخبە) نیە. مەبەست لە رۆشنبیری : کەلتوورە ـ کەلتووریش موڵکی هەموو ئەندامێکی نەتەوەیە.
کەلتوور بریتییە لە زمان و ئەدەب و فۆلکلۆرو مێژوو ـ و هونەرو شێوەی جل و بەرگ و پیشەو سەنعەت و بیروباوەڕو یاسا و نەریتی کۆمەڵایەتی و هەر جۆرە دیاردەو پراوەیەکی کۆمەڵایەتی دی کە ئەندامانی کۆمەڵێک یان نەتەوەیەک تێیدا بەشدارن.
کەلتووری کوردیمان بەرهەمی مێژووی هەزاران ساڵەی نەوەکانی یەک لەدوای یەکی نەتەوەکەمانە.. ئەو هێزە زیندوو ـ و بزێوەیە کە ژیان و بەردەوامی و گوڕو تینی خەبات و خۆڕاگرتن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبەخشێ، ئەو پردە مێژووییە پۆلایینەیە کە دوێنێ و ئەمڕۆ ـ و سبەینێمان پێکەوە دەبەستێ. هەروەکو چۆن زاکیرەو بیرەوەری بۆ هەر تاکە کەسێک گرنگەو ئەگەر کەسێک زاکیرەو بیری لەدەستدا گێژو هەوت و ون دەبێ، ئەوا ش کەلتوور بیرو بیرەوەری بە کۆمەڵی نەتەوەیە. هەر نەتەوەیەک کەلتوورەکەی لەدەستبدا ، رابردوو ـ و داهاتووشی دەدۆڕێنێ ـ وون و بزر دەبێ و بێ هەست و خواست و مەبەست دەکەوێتە گۆڕێ. لێرەوە ئێمە دەتوانین لە چەند روویەکەوە گرنگی کەلتوور یان رۆشنبیری دەستنیشان بکەین و سەرنجیش بدەین داخۆ ئەم مەڵبەندە تا چەند توانیوێتی و دەتوانێ رۆشنبیری بگاتە زەمینەی یەکێتی و یەکریزی و هاوخەباتی جەماوەری گەلەکەمان :
یەکەم/ رۆشنبیری یەکگرتن
رۆشنبیری یا کەلتوور مڵکی هەموو ئەندامانی نەتەوەیەو هەموومان تێیدا بەشدارین و بەشێکین لێی و بەشێکە لە ئێمە : لە بیرو هەست و نەست و خواست و کەسێتی و سایکۆلۆژێتی هەموومان. لەبەر ئەوە کەلتوور بە ئاسانی زەمینەی یەکێتی و هاوکاری نێوانمان پێک دێنێ. ئەگەر زۆر شت هەبن، لەرووی سیاسییەوە یان لەرووی کۆمەڵیەوە، لێکمان دوورخەنەوە، رۆشنبیری ئەو زەمینەیە یەکمان پێ دەگرێ. زمانی کوردی هی هەموو چین و دەستەو گرۆیەکە. هەموو کوردێک پەرەسەندن و پێشکەوتنی زمانەکەی پێخۆشە. هەموومان خۆنازی بە میراتی ئەدەبیمانەوە دەکەین... باباتایەرو فەقێ تەیرا نو مەلای جزیری و خانی و نالی و سالم و کوردی و حاجی قادری کویی و وەفایی و حەمدی و بێکەس و قانع و پیرەمێرد و گۆران و یەڵماز گۆنی و هێمن و قەدری جان و هەژار...هتد. ئەمانە هەموویان لە ناو دڵی هەموو کوردێکی هۆشیارو دڵسۆزدا جێگەی تایبەتی خۆیان هەیە. هەموو کوردێک دڵی بە گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی دێتە جۆش و خرۆش ، جل و بەرگی رازاوەی کوردی چاو و دڵی هەموومان روون دەکاتەوە.. مێژووی خەبات و خوێنی نەتەوەکەمان و قارەمانانو شەهیدانمان مڵکی ئێمەو نەوەکانی گەلەکەمانن هەتاهەتایە... نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی هەموومانە.. بەکورتی و بەکوردی ؛ کەلتووری کوردیمان زەمینەو هێزێکە بۆ یەکبوونو پێکەوەبوون .. ئێمەش دەبێ ئەو هێزە بەکاربێنین ... بە جوانترین و کارامەترینو ژیرانەترین شێوە بەکاریبێنین ... دوو راستی میژوویی : ئەو دەورە کاریگەرەی کەلتووری کوردی وەک زەمینەی هەوێتی نەتەوەیی و هێزی مێژوویی یەکبوون و هاوخەباتیمان نیشان دەدەن :
ئەلف/ ئەو راستییەیە کە درووشمو داخوازی یەکەمی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەر لە کاتی سەرهەڵدانییەوە بەشێوەیەکی نوێی هاوسەردەم لەسەرەتای ئەم

سەدەوە: مافی رۆشنبیری بووە- بە رەسمی ناساندنی زمانی کوردی، بە کوردی خوێندن لە قوتابخانەکاندا، بایەخ دان بە مێژوو- و ئەدەب و میراتی نەتەوەییمان...هتد.ئەم جۆرە داخوازییانە ناوەرۆکی مەبەست و ئامانجی نەتەوەیی بزووتنەوەی گەلەکەمانیان پێک هێناوە .
بێ / هەر بەو پێیەش یەکەم نیشانەو ئامانجی داگیرکەرانی کوردستان قەدەغەکردنو تواندنەوەو لەناوبردنی کەلتووری گەلەکەمان بووە.. ئەو سیاسەتە چەندین سەدەیە درێژەی هەیەو ئێستاش لە هەموو کاتێ توندو تیژترو درندانەتر بووە.... سەرنج دەن، لە هەموو کوردستانی خوارووداً " عیراق " پەیکەری زاناو شاعیرو گەورە پیاوێکمان نیە. کاتێ چەند کوردێک بە ئەرک و رەنجی خۆیان پەیکەری کاوەی ئاسنگەریان لە سلێمانیدا درووست کرد، فاشیستەکان چاویان بەرایی نەدا ئەو رەمزە کەلتووریی‌و مێژوویی‌یەی خەباتی رەنجدەرانی گەلەکەمان، ئاوا، بە کەلێو بلندی، لەناو قەدی شاردا بوەستێ . ئەوە بوو هەر زوو ووردو خاشیان کرد!! . لە کوردستانی سەرووی کۆلۆنی تورکیاشدا، ئەگەر مەمو زینی خانی دوای نزیکەی سێ‌سەد ساڵ سەربێنێتەوە دەرو داستانی ئەوینو ئاواتی کورد دووبارە بکاتەوە، ئەوا هەر زوو فاشیستە رەگەزپەرستەکان دەیسووتێنن‌و شوێنەواری ناهێلن ... نەک هەر رێگای دەرکەوتنی کتێبێکی ئەلف‌و بێ بە زمانی کوردی نادەن، بەلکو بە کوردی ئاخاوتن، ناوی کورد، جل و بەرگی کوردی‌و هەر شوێنەوارو نیشانەیەکی کەلتووری نەتەوەیی کورد، قەدەغەیەو تەنانەت سزای مردنی پێوەیە.... ئەم تاوانکارییە کۆلۆنیالیستانەیە کە بە شێوەیەکی پێداویستی کەلتووری کوردی دەکاتە زەمینەی یەکبوونو چەکی هوشیاربوونەوەو بەرگری‌و خەبات .

دووەم/ <u>روشنبیری بو هەلوێست , یەکخستنو دیموکراتیەت کردن</u>

هێزی کەلتوورو پلەو ئاستی جیاوازی هەیە. رۆشنبیری تەنیا روالەت و بابەتی وەستاو نیە..... رۆشنبیری زمانو دەربرینە، ئالوگۆری بیروباوەرو هەست و سۆزو هەلویستە. لەم لایەنەشەوە، دەتوانین لە دوو رووەوە کەلک لە کارو چالاکی روشنبیری ببینین :
ئەلف / لە رووی سۆزو عاتیفەوە، زمانو ئەدەبیات و ئانۆ یارمەتی درووست کردنی یەک جۆرە سۆزو هەست و هەلوێستی عاتیفی دەدەن کە بە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە هەستە لە کۆرو موناسەبەتی جۆراوجۆردا، یارمەتی لێک نزیک بوونەوەو بەخۆدا چوونەوەو سرینەوەی دیواری نەفسی لەنێو بەشەکانی جیاوازی جەماوەردا دەداو بەرەو مەبەستی یەکگرتوو رایان دەکێشێ... بۆ نموونە: لە کاتی گوێ گرتن لە سروودی ئەی رەقیب، یان نەورۆز یان ئەی شەهیدان، یان هۆنراوەیەکی نیشتمانی بەسۆزی شاعیریک، یا گۆرانییەکی شۆرشگێرانەی شڤان ...هتد، یەک جۆرە هەست و سۆز لای هەموومان درووست دەبێو، بێ گوێدانە جیاوازییەکانی ناوخۆییمان، هەموومان یەک مێژوو، یەک کێشەو، یەک داخو کارەسات و یەک چارەنووسمان هەیە... دیارە شیعری کوردی دەورێکی بالای لە درووست کردنی ئەم سۆزە نەتەوەیی‌و هەلوێستە روحیە یەکگرتووەدا بینیوەو دەبینێ .

### ج/ لە رووی بیرو هۆشمەندییەوە

دیارە تەنیا سۆزو عاتیفە دادمان نادا . گەرچی بەداخەوە هێشتا لەم ئاستەدا گیرماوینەوە. بەکارهێنانی عەقل و بیرو راوێژو گفتو گۆی ژیرانەو دیمۆکراتیانە بۆ تێگەیشتنو چارەسەرکردنی دەردو داخەکانمان، کەمتر هەست پێدەکرێ . دیارە رۆشنبیری تەنیا هەستو سۆزو عاتیفە نیە. بەڵکو بریتیە لە بیری رۆشن ، بیری رووناک ، بیری کۆمەڵایەتیو سیاسی ـ بریتیە لە شێوەی جیاوازو زۆر جار دژ بەیەکی جیهان بینیو ( ئایدۆلۆژی)وروانگەی کۆمەڵایەتی... لەم رووەوەیە کە رۆشنبیری وەک زەمینەی یەک بوون، زەمینەیەکی دیمۆکراتیش پێک دێنێ رێگامان دەدا لە چوارچێوەی یەک بووندا ، بیرو باوەڕو سەرنجو بۆچوونو بەرژەوەندی جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکیش بەدی بکەینو تێیابگەینو بە بەرژەوەندی گەل چارەسەریان بکەین . ئەمەیە جەوهەری دیمۆکراتی رۆشنبیری پێک دێنێ ـ ئێمەش دەبێ بە هەموو توانا و بە هەموو مانایەک ، ئەم لایەنە جەوهەرییە بەکاربێنینو بەهێزی بکەینو پەرەی پێ بدەین.... چونکە بەبێ بەکارهێنانی بیرو هۆش ، بەبێ گۆرین و پێشخستنی عەقڵێ، ناتوانین نەک هەر دەرمان بۆ دەردەکانمان بدۆزینەوە، بەڵکو ناشتوانین بزانین دەردەکانمان چین . ئەوەندە بەس نیە پێکەوە خەم بخۆین و دادو فریاد بکەینو هەناسەی سارد هەڵبکێشینو فرمێسکی گەرم هەڵبڕەوەرێنین.. دەبێ لەم ئاستە عاتیفیە تێپەرێنینو هەڵویستەیەکی عەقڵیش بکەین: پێکەوە بیربکەینەوەو وتوویژو راوێژ بکەین داخۆ هۆی دەردەکانمان چین، چارەمان چیەو بەرەو کوێ دەچین ـ لێرەوە: ئەرکێکی بنەڕەتی مەڵبەند ئەوەیە رۆشنبیری کورد بکاتە ئەو مەیدانە دیمۆکراتییەی هەموومان بۆ گفتو گۆی فیکری دڵسۆزانەو دوور لە رقەبەرێتیو نیازی ناحەزانە تێیدا کۆدەبینەوە . ئەمەش بەرێکخستنی رێک و پێک و بەرنامەکراوی کۆرو کۆبوونەوەی ئەدەبیو روشنبیریو سیاسی دەبێ... کاتێ لەو کۆرو سیمینارانەدا ، باس و بابەتی پێویستی وا پێشکەش دەکرێن کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە مەسەلەو مێژوو وکەلتووری گەلەکەمان و رۆحی سەردەمەکەمانەوە هەیە، پێویستە مەڵبەند هەوڵ بدا زۆربەی خەڵکی کورد بۆ بەشداری لە گوێ گرتن و رەخنە گرتن و لێدوانی دیمۆکراتیانە لەو کۆرانەدا رابکێشێ . هەڵبەت ئەرکی رێکخراوەکانی کوردستانیشە لە هاندانی ئەندامەکانیان و دۆستانیان بۆ بەشداری لەو کۆرو کۆمەڵ و گفتو گۆیانەدا درێغی نەکەن ... هەرگیز مەڵبەند نابێ ببێتە نادیو تەنیا بۆ گۆرانیو هەڵپەرکێو یاپراخ خواردن بێ . گەرچی ئەویش خۆی لە خۆیدا پێویستە بەڵام دەبێ ببێتە هۆیەک بۆ مەبەستی گەورەتر بۆ پێکەوە بوونو بۆ تێگەیشتنو یەکبوون .

### سێیەم/ رۆشنبیری بۆ ناساندنی گەلی کوردو کێشەکەی بەرای گشتی جیهانی

دوای روونکردنەوەی دەوری روشنبیری وەک زەمینەی یەکبوونو دیموکراتێتی بیرو باوەر، پێویستە دەوریکی دیکەی گرنگی رۆشنبیری کوردیمان لە چوارچێوەی کاروچالاکی مەڵبەندـ دا باس بکەین: کە ئەویش ناساندنی گەلەکەمانو کێشەو ئازاری گەلەکەمان بە رای گشتی جیهانییە.. رۆشنبیری و هونەرو بابەتی زانستیو ئەکادیمی باشترین رێگاو هۆی راگەیاندنو ناساندنی کێشەی گەلەکەمانە... پێویستە فێربین بە زمانی ئەم سەردەمەو ئەم جیهانە بدوێین کە تێیدا دەژین: هونەریش : چ مۆسیقاو

گۆرانیو هەڵپەرکێ، چ ئەدەب و وێنەو تابلۆ، چ شانۆو فلیمی سینەماییو ڤیدیۆ، زمانی ئەم سەردەمو ئەم جیهانەی ئێمەیە. هەموومان ئاگادارین تاقە فلیمێکی یەڵماز گونای ( Yol یۆڵ ) چ دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهاندا پەیداکردو تا چ رادەیەک دەوری هەبوو لە سەرنج راکێشان، هەر نەبێ بۆ بوونی کورد لە کوردستانی تورکیادا . ئێمە بو ئەوەی دنیا بمان ناسێ، بۆ ئەوەی گەلان و هاودەردو رێکخراوو کۆمەڵانی مرۆڤپەروەرو پێشکەوتنخواز هاودەنگ و پاڵپشتمان بن، دەبێ لە پێشەوە خۆمان بناسینو بناسێنین ، ناوو ناسنامەو ناونیشانی خۆمان دەربخەین.... دەبێ لە پێشەوە بە روونیو زانستانە دەری بخەین کورد کێیەو چییەو لە کوێیەو کێشەو کارەساتەکەی چییەو چی دەوێ؟ هەوێتیو تایبەتێتی نەتەوەیی چییە؟ هەموو ئەمانەش دێنەوە سەر یەک پرسیار: ئایا کورد کەلتووری هەیە یان نا؟ چونکە کەلتوورە هەوێتیو تایبەتێتی نەتەوەیی دەردەبرێ . کەوایە دیسانەوە لە رێگای کەلتوورەکەمانەوەیە دەتوانین بە شێوەیەکی دەوڵەمەندو کاریگەر، نەک بە شێوەی درووشمی سیاسی رووت ، خۆمان و مەسەلەکەمان بە رای گشتی جیهانی بناسێنین . بەڵام کە ئێستا ئێمە لە ئەوروپاین هەست دەکەین مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە ، واتە بەکارهێنانی کەلتوور بۆ راگەیاندن و خۆناساندن کارێکی سووک نییە... چونکە لێرەدا هەست دەکەین کە کەلتوور شتێکی وەستاو نییە... بۆ ئەوەی کەلتوورەکەمان شایانی ئەوە بێ رووی خۆی نیشانی خەڵکی بدا ، شایستەی ئەوە بێ شوێنی خۆی لە نێو کەلتووری گەلانی دنیادا بکاتەوە: دەبێ پیشکەوێ، دەبێ لە رووی هونەریو زانستیو فیکرییەوە پیش بکەوێ بەبێ ئەوەی تایبەتێتیو رەسەنێتی خۆی لەدەست بدا ......
ئەوروپا بۆ ئێمە هەم هەل و دەرفەتە، هەم گرەوو تەحەددایە. لێرە دەبینین کە بە هۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژییەوە، هونەر چەند پێشکەوتوو چەند باڵایە. هەموو جورێکی هونەر زانستێکە بۆ خۆی، هەموو لقێکی کەلتوور زانستێکە بۆ خۆی. تەنانەت پرپاگەندەو راگەیاندن خوی لە خویدا زانستەو ژیریو لێزانیو کارامەیی پێدا دەوێ. ئێمە کە بمانەوێ ناومان بکەوێتە ناو ناوانەوەو مەسەلەکەمان جیهانی بکەین ـ دەبی لە ئاستی ئەو پیشکەوتنە گەورەدا بین کە هونەر لە ئەوروپادا ـ بەتایبەتی لە رووی تەکنیکەوە: واتە بەکارهێنانی ئامرازو ئالەتی نوێوە ـ بەدەستی هێناوە ـ هەر ئەوەندە بەس نییە گورانییەک یا پارچە موسیقایەکی کوردی پێشکەش بکەین ـ دەبێ ئەو گۆرانیو مۆسیقایە توانیبێتی تەحەددای پێشکەوتنی ئەوروپا قبووڵ بکاو لە چوارچێوەی زەوق و تێگەیشتن و ئاستی زانیاری جمهووری ئەورووپاییدا شوێنی بۆ خۆی کردبێتەوە . بێ گومان: ئەگەر فلیمی ( یۆڵ ) چ لە رووی ناوەرۆک و مەبەست و بیرەوە، چ لە رووی هونەری سینەماییو دەرهێنانەوە، نەگەیشتبایە ئەو ئاستەی قەناعەت بە زەوقی هونەرناسانی ئەورووپایی بکا ، هەرگیز خەڵاتی یەکەمی فێستیڤالی ( کان )ی نەدەبردەوە ـ مەڵبەند، وەک دەزگایەکی رۆشنبیری باوەرپێکراو، دەگرێ لەهەر جۆرە فێستیڤال و بۆنەیەکی هونەریو رۆشنبیری جیهانیدا بەشداربێ . ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە بۆمان ، بەڵام ئایا دەتوانین بەرەو رووی تەحەدداکە بوەستین؟! ئایا ئەوەندەمان هەیە شایانی شانۆی جیهانی بێ؟! بەداخەوە وەڵام ئەوەیە: نەء ، یان زۆر کەم. بەڵام نابێ لە سنووری ئەو نەء و کەمەدا بچەقین . پێویستە هونەرمەندان و رووناکبیرانمان زیاتر خۆیان پێبگەیەنن، پێویستە دەرفەتی ئەوروپا

بۆ فێربوون و پێشکەوتن بەکاربێنین.. جا ئێستا بزانین لە چەند لاوە بۆشایی گەورە لە چالاکی رۆشنبیری دا ( وەک هۆیەکی خۆناساندن بە گەلانی دنیا ) هەیە... با لە پێشەوە نموونەیەکی سادە پێشکەش بکەین: گەر لە کەسێک داوا بکەیت لە دروستکردنی خانوویەکدا یارمەتیت بدا ، دەبێ بەلای کەمەوە خۆت زەوییەکەت دەستنیشان کردبێو پرۆژەکەت دانابێو رەنجی خۆشت هەبێ... ئەگینا گەر زەوێو پرۆژەو رەنجت نەبێ خەڵکی دی چۆن یارمەتیت بدەن؟! بۆ ئێمەی کوردیش زور ئاسانە یەکسەر بڵێین ئێمە ٢٥ ــ ٣٠ ملیونێکین و ٥٠٠/٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە خاکمان هەیەو داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەین؟! ئەمە قسە درشتەکەیە، بەڵام کە دێینە سەر ووردکردنەوەی حیسابەکە، بەلای گوێگری زیرەکەوە، کورت دێنێ :

١) <u>نەخشە</u>: تا ئێستا نەخشەیەکی زانستی کوردستانمان نیە تا نیشانی خەلکی بدەین.

٢) <u>پۆستەرو پیشانگا</u> : پۆستەر زمانێکی جەماهیرییە کە بە ئاسانی بلاودەبێتەوە..بەلام لەم رووەوە گەلێ دواکەوتووین . بۆچی چاوەرێ بین بێگانە پۆستەر بۆ ئێمە بکا ؟! بۆچی تەنانەت رەسمی شەهیدەکانیشمان نەبێو لە رێگای ئەمنیستی یان دەزگای ترەوە جار جارە رەسمی شەهیدانمان ببینین؟! پێویستە ناوو خەبات و وێنەی شەهیدەکانمان، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا شەهید دەبن‌و سەر بە هەر حیزبێکی نیشتمانی بن، خێرا لە ئەوروپادا بکرێنە پۆستەرو لە هەموو زانکۆو دەزگاکانی راگەیاندندا بلاوبکرێنەوە . دەبێ شوێنی وەک مەڵبەندی روشنبیری‌و ئینستیوتی پاریس ئەم کارە بکەن .. هەروا کردنەوەی پیشانگای هونەری‌وپیشانگای وێنەی فوتوگرافی دەورێکی گەورەیان هەیە... بەداخەوە لەم لایەنەشەوە زور کەمتەرخەم‌و دواکەوتووین ... ئەو پۆستکاردانەی دەربارەی کوردستان هەن‌و بڵاوبوونەوە، ئەوانەن کە رۆژنامە نووسانی بێگانە بڵاویان کردوونەوە یان لە کتێبدا هەن و دەرهێنراون!! دەسا شەرم نیە ئێمە خۆمان لە وڵاتی خومان بژین، کومەڵ و کێشەو کارەساتەکە هی خومان بێ، کەچی خۆمان نەتوانین تەنانەت (کامیرا )ش بۆ گرتنی سەدان وێنەی کاریگەرو هونەریی بەکاربێنین کە زۆربەی لایەنی ژیانی گەلەکەمان بخاتە روو؟! بۆچی هونەرمەندان لە کوردستان‌و رێکخراوەکانی سیاسی ئەتوانن ئەمە بکەن؟! ...

٣) <u>ڤیدیۆو فلیمی سینەمایی</u> : تا ئێستا فلیمی کوردیمان نیەو ئەو ڤیدیۆو فلیمانەی دەربارەی کورد هەشن بێگانە بۆیان درووست کردووین ...

٤) <u>کتێب و لێکۆلینەوەی مێژوویی‌و زانستی‌و ئەکادیمی</u> : تا ئیستا کتێبیکی ( ستاندارد )ی زانستیمان بە زمانی بیگانە نیە کە بە شیوەیەکی ئەکادیمی پوخت میژووی کوردو کەلتووری کوردو مەسەلەی کورد باس بکا ـ چەند نامەیەکی دوکتورامان هەن، بەلام هیچیان بۆشایی نەبوونی کتێبێکی زانیاری گشتی دەربارەی کورد، پرناکەنەوە... هەروا تا ئێستا فەرهەنگێکی تێرو تەسەل و باش‌و تەواوی کوردی ـ ئینگلیزی یا ئینگلیزی ـ کوردیمان نیە.. تا ئێستا کتێبێکی ستانداردمان نیە بو فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە بێگانە پشتی پێ ببەسترێ..

خۆ ئەگەر لەم نموونە سەرەتاییيانە لابدەین‌و بچینە ناو مەیدانی بابەتەکانی زانستی ترەوە: وەک مرۆڤناسی(ئەنترۆپۆلوجی)، کۆمەڵناسی(سوسیولوژی)، تیئۆری‌و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، دەروونناسی(سایکولوژی)، فەلسەفەی ژیان‌و بوون، ئەوا

زیاتر خومان لە چولەوانیەکی دوورو بێ ئاودا دەبینینەوە .

٥) راگەیاندن : نەک راگەیاندن(اعلام، میدیا )ی کورد لە ئەوروپاو جیهاندا بێ هێزە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەر نیە... نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کوردو بزووتنەوەیەکی گەورەو بەردەوامی وەک بزووتنەوەی کورد دەبێ بەلای کەمەوە دەزگایەکی راگەیاندنی مەرکەزی لە ئەوروپادا هەبێ. خۆ ئەگەر نەکرێ هەموو لایەن و رێکخراوەکان بۆ پێکهێنانی بنکەیەکی ئاوا رێک بکەون، ئەوا پێویستە کەڵک لە شوێنی وەک مەڵبەند رۆشنبیری کورد وەربگری کە هەموو پارت و ریکخراوەکان تێیدا بەشدارن، بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی راگەیاندن کە لەرێگای بڵاوکردنەوەی دەنگ و باس و زانیاری نوێی راست و باوەڕ پێکراو دەربارەی کوردستان، بتوانێ سەرنجی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی رابکێشێ و باوەری پێ بکرێ و بەهۆی ئەو بنکەوە دەنگ و باس و بابەتی پێوەندیدار بە مەسەلەی کوردەوە لە رۆژنامەو گۆڤارە ناسراوەکانی دنیادا بڵاوبکرێتەوە... جگە لەمەش بتوانین بیر لە زۆر شتی دیکەی جەماوەری بکەینەوە وەک درووستکردنی T-shirt کە نەخشەو ناوی کوردستان هەڵبگرێ و بڵاوکردنەوەی leaflet و نامێلکەی جۆراوجۆر.

***

کەم و کوریمان لە هەموو ئەو لایەنانەی سەرەوەدا، ئەنجامی دواکەوتنی رۆشنبیری و فیکری خۆمانە.. ئەمەش ئەنجامی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و لە شیکردنەوەی دوایدا واقیعی ژێردەستەیی گەلەکەمان و داگیرکراوی خاکەکەمان و نەبوونی دەوڵەتی خومانە. بەڵام گەر ئیمە راست بێ وەک نەتەوە بیر لە خۆمان بکەینەوەو ئازادی و سەربەخۆیی و تەنانەت دەوڵەتی سەربەخوشمان گەرەک بی: دەبی هەر یەکەشمان لە ئاستی ئەو ئەرک و رەنج و پیویستییە میژوویی‌یانەدا بین کە ئەو دروشم و داوایانە دەیخوازن... چۆن نەتەوەیەک با (٢٥) ملیونیش بێ شایانی ئەوەیە سەربەخۆ بێ و خۆی حوکمی خۆی بکا : گەر کتێبێکی دەربارەی جوگرافیای خاکەکەی نەبی؟! گەر وردو درشتی مێژووی خۆی نەنووسیتەوەو شی‌نەکردبێتەوە، گەر سەدان رووناکبیرو زاناو کادرو سیاسەتمەداری لیزانی درووست نەکردبێ؟!... لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسانەدا دەکرێ بڵێین ئاخر بۆیە ئەو جۆرە کادیرو زاناو پسپوڕانەمان نین، چونکە دوژمنان بەهیچ جۆرێ دەرفەتیان نەداوین... ئەوان ژیان و هەناسەدانیشمان لە خاکی خۆماندا پێ رەوا نابینن جا نەخوازە پێشکەوتنی رۆشنبیری و سیاسی . ئەم وەڵامە تا رادەیەک راستە... بەڵام بەس نیە . راستیەکەی ئەوەیە ئێمە هەمیشە رووناکبیرو سیاسی و نووسەرو سەردارو جەنگاوەرمان هەبوون - بەڵام - بەداخەوە- هی خۆمان نەبوون و بۆ خومان نەبوون، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی و سووپایی و ئابووری بێگانە بەسەر وڵاتەکەماندا یان کارەساتی جەنگ و ئاوارەبوون، وای لێکردوون لە چوارچیوەی رۆشنبیری بێگانەدا بتوینەوەو رەنجی مێشک و بەرهەمی بیریان بۆ خزمەتی بێگانە بەکاربێنن . شتێکی بی مانایە خۆ نازی بەوەوە بکەین کە کەسانێکی وەک رەصافی، احمد شوقی، مەحموود تەیمور، محمد کرد علی و عباس محمود عەقادو ئەم جۆرانە کورد بوون؟ یا بەرەگەزیش کورد بووبن، بە زمان و رۆشنبیری و هەڵوێست عەرەب بوون؟! ئیستاش ئەم رەوتی تواندنەوەی کوردە لە بۆتەی فەرهەنگی بێگانەدا بە توندی و کاریگەری درێژەی

هەیە. زوربەی رووناکبیرانی کورد لە کوردستاندا زمانی نەتەوەی دەسەڵاتداری وڵاتەکەیان - عەرەبی - فارسی - تورکی - لە زمانی خۆیان باشتر دەزانن، یان زوربەیان زمانی خۆیان هەر نازانن‌و پشتیان تێکردووە. گەر بشنووسن و بەرهەمی بیریان ببەخشن، ئەوا دیسانەوە بە زمانی بێگانە دەنووسن و زمان و بیرو فەرهەنگی گەلەکەی خۆیان بۆ قازانجی بێگانە تاڵان دەکەن... ئەمە دیاردەیەکی یەکجار خراپە. گەر رووناکبیری کورد لە ئێراندا، زمانی فارسی هەڵبژێری‌و پشت لە کوردی بکا، لە عیراقدا (گەرچی بە پلەیەکی کەمتر) زمانی عەرەبی پەسەند بکاو لە تورکیاشدا زمانی تورکی - ئیدی زمان و ئەدەب‌و کەلتووری کوردیمان چی بۆ دەمینیتەوەو کێ پاسەوان و بەخێوکاری بێ؟! مەگەر جەماوەرە رەش‌و رووتەکە خۆی زمان و فۆلکلورەکە بپارێزێ، ئەویش وێرانکردنی دێهاتی کوردستان‌و هەزارکردن و ئاوارەکردن‌و گواستنەوەی بەزۆرو پەروەردەو ئیعلامی بێگانە، عاقیبەت وای لێ‌دەکا - ناوی خۆشی لەبیر نەمێنێ.. جا گەر لەهیچ شوێنێکی کوردستاندا دەرفەتی ئەوە نیە چارەسەرییەک بۆ ئەم کارەساتە دابنرێ، دەبێ ئێمە لە ئەوروپادا - بەپێی توانا و دەرفەت - تۆڵەی ئەمە بکەینەوە. واتە دەبێ ئەم رەوتە مێژوویی‌یە ستەمگەرییە بەراوەژووکەینەوە: دەبێ لەمەودوا کوردانی فارسی زان و عەرەبی زان و تورکی زان، کەڵک لەو زمانانە بۆ خزمەتی ئەدەب‌و کەلتووری خۆمان وەربگرن: واتە زانیاری لەو زمانانە وەربگرن‌و وەری بگێڕن‌و بیخەنە سەر خەرمانی کەلتووری کوردیمان. بەم جۆرە دەتوانین هەموو دیاردە مێژوویی‌یەکە لە دیاردەیەکی سەلبی زیانبەخشەوە بکەینە دیاردەیەکی ئیجابی یەکجار گرنگ‌و بەبایەخ... ئێستا بەلای کەمەوە زیاتر لە چواریەکی هەموو رووناکبیرانی کورد لە ئەوروپادا دەژین. زۆر لە رووناکبیرانی کوردستانی ژوورو زۆر لە رووناکبیرانی کوردستانی عێراق و ژمارەیەکی باشیش لە رووناکبیرانی کوردستانی ئیران و سووریا... ئەمە دەرفەتێکی باشمان دەداتێ یەکێتی رۆشنبیری کوردیمان ئەنجام دەین و ئەو یەکێتی‌یە رۆشنبیریە بکەینە بنچینەی یەکێتی ریزەکانی جەماوەری کوردستان و لە دەردی ناوچەیەتی‌و خێڵایەتی رزگارمان بێ‌و زەمینەیەکی دیموکراتی فراوان بۆ گفت‌و گۆو وتو وێژی دیموکراتیانە دابمەزرینین. لەلایەکی دیکەشەوە، زوربەی خوێندەوارو رووناکبیرانی کورد لە ئەوروپا، زمانێک یان زیاتر لە زمانەکانی ئەوروپایی دەزانن.. ئەمەش بایەخێکی زوری هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان‌و رۆشنبیری کوردیمان بەتایبەتی بەهۆی تەرجەمەکردنی ئەو بابەتە زانستیانەی تا ئیستا کتێبخانەی کوردیمان بێ بەشە لێیان وەک فەلسەفەو کۆمەڵناسی‌و دەروونناسی‌و مرۆڤناسی‌و فیزیک‌و کیمیاو بابەتی تەکنەلۆژی‌و کۆمپیوتەرو ..هتد. بۆ ئەوەی گەلێک پێشبکەوێ دەبێ زمانەکەشی لەگەڵ پێشکەوتنی رۆژگارو جیهانی سەردەمدا پێش بکەوی. کەوایە نابێ دوکتۆرێک یان ئەندازیارێکی کورد یان فیزیازانێکی کورد وا تێ‌بگا ئەو پەیوەندی بەسەر زمانەوە نیەو ئیختیصاصەکەی جیایە. نە. دەبێ هەوڵ بدا چ زانیارییەک دەزانی بە زمانی کوردی پێشکەشی گەلەکەی بکاو لە دوو توێی کتێبێکدا جێی بکاتەوە. چونکە گەر بمانەوی زمانەکەمان بە زیندوویی بمێنێتەوە دەبێ وای لێ‌بکەین بتوانێ ببێتە زمانی زانست‌و فەلسەفەو

تەکنەلۆژیا ... دەبێ هەموو بابەتێکی زانستیو ئەکادیمی پێ بنووسرێ... ئەمەش ئەرکی سەرشانی پسپۆڕەکانی کوردە... ئەگەر زمانەکەی خۆیان بزانن، ئەگەر نەشی زانن پێویستە فێری بن، گەر نەشیانەوێ فێری بن: ئەوا بە چ حسێبێک کوردن ؟! دەسا ، با دروشمێکی مەرکەزی مەڵبەند ئەوەبێ کە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری کوردی بەرپا بکا..و پرۆژەیەکی گەورەی کتێب دانان و تەرجەمەکردن ریک بخا .
گومانی نیە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە هاوکاری کردن لەگەل دەزگاکانی رووناکبیری کوردی لە ئەورووپادا و پشتگیریو هاوکاری هەموو نووسەرو رووناکبیرو هەموو کوردێکی دڵسوز هەیە .

خوشک و برایانی ئازیز :

ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەو ئەرکە رۆشنبیرییە گەورانەدا کە مەڵبەندیکی رۆشنبیری دەبێ ئەنجامیان بدا ، سەرنجی کارەکانی ساڵی رابردوو بدەین، دەبینین ئەو کارانە تەنیا سەرەتایینو خەبات و هەوڵ و پێشکەوتنێکی زۆرمان دەوی تا مەڵبەندێکی رۆشنبیری راستەقینە دروست بێ . ئەم مەبەستەش هاوکاریو پشتگیریو بەدەنگەوە هاتنی هەموو لایەکی دەوێ . ئێمە دوو گیروگرفتی هەرە گەورەمان لەپێشە... نەبوونی کادیرو نەبوونی دارایی... ئەم دووانەش بەیەکەوە بەستراون. بەداخەوە ئێمە کادری هونەریو ئەکادیمی تەواومان نین تا هەموو کاریکی پێویست ئەنجام بدەن . ئەوانەی هەشن پێویستی ژیان دەرفەتی ئەوەیان نادا خۆیان بۆ کاروباری رۆشنبیری گەلەکەیان تەرخان کەن . ئێمە پێویستە لەلایەکەوە هەلو مەرجی ژیان بۆ ئەو کادرانە درووست کەین کە دەیانەوی خۆیان بۆ کاری رۆشنبیریو هونەری کوردی تەرخان کەن، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو کادرانە پێ بگەیەنین کە پێویستیمان پێیان هەیە یان پێیان دەبێ . پێویستە گەنجەکانی کورد بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن .

ساڵی پار پۆلێکمان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی کردەوە کە تەنیا حەوت کەس دەرسی تێدا دەخوێنن، ئەوانیش تەنیا دوویان کوردن . لەکاتێکدا دەیان کورد لە بەریتانیادا هەن کە زمانەکەی خۆیان نازانن !! .
جگە لە دەورەی زمان، دەبێ کۆرسی رۆشنبیری گشتیو بابەتی فەلسەفەو مێژووـ و زمانو ئەدەبیی کوردی بکەینەوەو لاوەکان هان بدەین بەشداریان تێدا بکەن بۆ ئەوەی شارەزای زمانو فەرهەنگی گەلەکەیان بنو لێیان دانەبڕێن . هەروا دەبێ زۆر دوور بین بینو نەخشەی درێژخایەن دابنێین، بەتایبەتی دەبێ ئاگامان لە پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵانی کورد بێ . دەبێ هەوڵ دەین هەر لە ئێستاوە نەخشەی وا دابنێین نەک تەنیا لە زمانو فەرهەنگی گەلەکەیان دانەبرین بەڵکو ببنە شارەزاو پسپۆری ئەو مەیدانە... پێش دوو مانگ ئاگاداریمان دەربارەی کردنەوەی پۆلێک بۆ فێرکردنی مۆسیقاو سروودی کوردی بۆ منداڵان راگەیاند. دوای مانگێک چاوەڕوانیو پەیوەندی تایبەتی، ناوی حەوت منداڵ تۆمارکرا ـ ئێستا هەرچۆنێک بێ ئەو پۆلە کەوتۆتە کار، برادەرێکی مۆسیقار بە خۆرایی بە ئەرکی فێرکردنی مۆسیقاو سروودی کوردی هەڵدەسێ . دیارە گەر منداڵی تریش بۆ ئەو پۆلە بنێردرێن ئەوا نەک هەر فێری زمان و مۆسیقای کوردی دەبن ـ بەڵکو دەبنە

کادرێکیش بۆ مەڵبەندو دەتوانرێ تیپێکی سروودو مۆسیقای تایبەتیان لێ پێک بهێندرێ ... بەشێوەیەکی گشتی پێویستە مەڵبەند ببێتە بنکەیەکی زانیاریو رۆشنبیری کوردی. ئەمەش بەوە دەبێ کە هەموو ئەندامێکی مەڵبەند خۆی بەتەنگ ئەوەوە بێ یەکەم: کەڵک لە بوونی لە بەریتانیا بۆ خوێندنو خۆپێگەیاندن و فێربوونی جۆرە زانستو هونەرو شارەزاییەک بێ کە بۆ گەلەکەمان بە سوودە یا بەسوود دەبێو دووەم: هەوڵ بدا پەیوەندی خۆی بە زمانو ئەدەب و کەلتووری نەتەوەکەیەوە- بپارێزی ئەمەش لە رێگای مەڵبەندەوە.

... ئەگەر وڵاتێک کەسێک بۆ خوێندن بنێرێتە بەریتانیا دەبێ بەلای کەمەوە ساڵی ۱۲/۰۰۰ تا ۱۵/۰۰۰ پاوەنی لێ سەرف بکا - جا ئێستا کە گەنجێکی کورد- ئەگەر چی بەهۆی ئاوارە بوونیشەوە بێ، ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوتووە لێرە بێو بەخۆرایی بخوێنێو ژیانێکی کەم یان زۆر مسۆگەر بێ، بۆچی ئەم دەرفەتە لەدەست خۆی بدا ؟! بەڵام لە هەمان کاتدا ، نابێ لە زمانو کەلتووری نەتەوەکەی دابری .

<u>چالاکی روشنبیری</u>

بارەگای مەڵبەند تەنیا لە ناوەراستی مانگی یەکدا بەتەواوی ئامادەبوو- بۆیە پێشتر شوێنمان بۆ چالاکی رۆشنبیری نەبوو- دەبوایە پارە سەرف کەین بۆ هۆڵ بەکرێ بگرین . هەرچونی بێ لە ماوەی ساڵی رابردوودا پێنج کۆڕی رۆشنبیریو ئەدەبی گیران ، کە دوویان بەشێک بوون لە بەرنامەی فیستیواڵی نەورۆز.... دەتوانین بڵێین باس و بابەتەکانی ئەو کۆڕانە هەموویان تازە بوونو لە خزمەتی واقیعی ئەمڕۆی خەباتی گەلەکەمانو ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا بوون . سیمیناری یەکەم- دەربارەی مەسەلەی کوردو دەوری ئیمپریالیزمو سیاسەتی جیهانی لە کێشەی کورداو مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بوو .
سیمیناری دووەم: دەربارەی باسی کورد لە رۆژهەڵاتناسی ئەورووپیو رۆژهەڵاتناسی ئێستای سۆڤیێتیدا بوو... کۆڕی سێیەم سیمینارێک بوو بە ئینگلیزی دەربارەی شیعری کوردی بەگشتیو شیعری شاعیری مەزن گۆران بەتایبەتی . کۆڕی چوارەم باسێکی مێژوویی و ئەدەبی بوو دەربارەی ئاوەرەبوونو شیعری ئاوارەییو هەست و هەڵوێستی شاعیرانی ئاوارەی کورد . چالاکی پێنجەم: چلەیەکی ماتەمینی بوو بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیری مەزن هێمن موکریانەوە- سازکرا ..ئامادەکردنی ئەم جۆرە کۆڕانە پێویستییەکی گەورەیە بۆ دروستکردنی پردێکی دەروونیو رۆحیو فیکری لە نێوان خەڵکی کوردو ئەدەب و کەلتوورو کێشەی نەتەوەکەیدا .. بەداخەوە ژمارەی ئامادەبووان لەو کۆڕانەدا ( یەکێکیان نەبێ) لە نێوان ٤٠ - ٥٠ کەس بوون، جگە لەمەش دیاردەیەکی دی بەدی دەکرێ کە ژنان بۆ ئەوکۆڕانە نایەن یان ناهێنرێن ... دیارە ئەمە دیاردەیەکی خراپەو شتێکی راست نییە... ژنان نیوەی کۆمەڵەکەمانو ئەرکی هەرە سەختو دژواری ئاوارەبوونو تەنیابیو پەروەردەکردنی منداڵیان لە ئەستۆیە - نابێ بەو چاوەوە سەیریان بکەین کە تەنیا دەشێ لە ئاهەنگی مۆسیقاو هەڵپەڕکێدا بەشداربن... هیوادارین لە ساڵی تازەدا ، هەموو رێکخراوەکانی قوتابیان دەورێکی چالاکانەتر ببینن لە هاندانی

ئەنداماننو دۆستانیان بۆ بەشداری لە کۆڕەکاندا ... هەروا هیواداریـن کۆڕەکانیش بۆ ئاستێکی دیموکراتی بالاتر پێش بکەون : واتە ببنە مەددایەکیش بۆ سەرکردەو لێپرسراوانی حیزب و ڕێکخراوەکان تا سیمینار بگرن و لە گفت و گۆی دیموکراتیانەدا بەرەو ڕووی جەماوەر ببنەوە. بۆ ساڵی تازە بەڵێنی سیمینار گیرانمان لەلایەن پێنج ڕووناکبیری کوردەوە پێدراوە کە لە دەرەوەی بەریتانیا دەژین ـ هیوادارین مەڵبەند ئەوەندە توانایەی هەبێ بتوانی کرێی هاتوچۆکەیان بۆ بدا .

جگە لە کۆڕبەستن، بەشی هونەری مەڵبەند بەبۆنەی نەورۆزەوە، شانۆگەری ( کاوە لە سەدەی بیستەم )دای سازکرد... ئێستاش مەڵبەند دەورەیەکی ڕەسمی بۆ ڕاهێنانی شانۆو تەمسیل کردۆتەوە . لە ڕووی بلاوکردنیشەوە: گیروگرفتی تکنیکیو نەبوونی تایپیست بووە هۆی دواخستنی دەرکردنی گۆڤارو بلاوکراوە . لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان ژمارە یەکی گۆڤاری مەڵبەند بۆ نەورۆز بلاوبکەینەوەو ژمارە دووەمیش ئامادەیەو پێش کاتی خۆی ـ لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا ـ بەشێوەیەکی پێشکەتووترو دەولەمەندترو پوختتر ـ بلاودەبێتەوە.... هەروەها ژمارە یەکی ( پەیڤ ) بە زمانی ئینگلیزی بۆ چاپکردن و بلاوکردنەوە ئامادە کراوە... سێ ژمارەش لە هەواڵنامەی مەڵبەند بە کوردیو ژمارەیەک بە ئینگلیزی بلاوکراوەتەوە... ڕاستیەکەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد پێویستی بە دەرکردنی سێ گوڤار هەیە: گۆڤارێکی تایبەتی بۆ وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزیو زمانەکانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی ، گۆڤارێکی تری مانگانەی ٢٠ ـ ٣٠ لاپەرە کە بابەتی سووک و هەواڵ و دەنگوباسی کوردستان و جیهان بلاوبکاتەوەو پەیڤ ... دیارە گەر نەخشەو ئیمکانیاتی پێویست دابنرێ ـ دەتوانرێ ئەو سێ گۆڤارە دەربکرێن..

هەڵبەت ، لە هەموو چالاکیەکدا ، ئامانجی یەکەمو دوایی مەڵبەند، خزمەتی مەسەلەی کوردو بەدیهێنانی یەکگرتن و یەکریزی جەماوەری کورد بووە.. هەر وەکوو پێشتر ووتمان هەمیشە ئەوەمان لەبەر چاو بووە کە بەشێکین لە نەتەوەکەمان لە کوردستاندا و دەبێ هەر کارەسات و ڕووداوێک لەوێ ڕوودەدا ئێمەش بهەژێنێو بجوولێنێ ـ هەر لەم ڕوانگەوە بوو کە لە کاتێکدا جەماوەری گەلەکەمان لە کوردستاندا ، لە سلێمانیو هەولێرو دهۆک و کەرکووک و تەواوی کوردستان، کەوتبووە ژێر هێرشی درندانەی فاشیستەکانی بەغداوە ، لە کاتێکدا مندالانمان زینداننیو ئەشکەنجە دەدران، ژن و پیاو ڕەشبگوژ دەکران، نەدەکرا ئێمە هەروا ڕۆشنبیرانە !!بێ دەنگ بین .. ئەوە بوو مەڵبەند هەستی کرد ئەرکی نەتەوەیی خۆیەتی ـ ڕووبکاتە جەماوەری کوردو ـ بەیارمەتیو پشتیوانی هەموو پارت و ڕێکخراوەکان ـ مەسیرەو خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە بەرامبەر سەفارەتی دەزگای فاشی بەعس ساز بکا .. هەروا مەڵبەند پالپشتی پارتەکانی کوردستانی تورکیا و پارتەکانی دیکەی پێشکەوتنخوازی تورکیای کرد بۆ ئامادەکردنی خوپیشاندان و Picket لە کاتی سەردانی سەرەک وەزیرانی تورکی ( ئێڤرین ) بو لەندەن ....

خوشـــک و برایانی بەرێــــز

بێگومان گەورەترین کاری مەڵبەند لە ساڵی رابردوودا ئەوە بوو کە ئاواتی جەماوەری لە بەریتـــانیادا بەدی بێنێو یەک ئاهەنگی نەورۆزی یەکگرتـــوو ساز بکا ... فیستیڤاڵی نەورۆز- کە سێ رۆژی خایاند- و بە ئاهەنگێکی جەماوەری مەزنو سەرکەوتوو کۆتایی هات ، ئەوەی سەلماند کە لەلایەکی ترەوە جەمـــاوەری کورد دەیەوێ یەک بگرێو لەلایەکی تریشەوە ئەم یەکگرتنە سەرکەوتنێکی وا گەورە درووست دەکا کە ببێتە جێگەی خۆنازی هەموو کوردێک و جێگەی سەرنجو بایەخــی دوستان و بەرزکردنەوەی ناوو ناوبانگی کورد لای بێگانە . بۆ ئەوەی چالاکیەکانی رۆشنبیریو هونەری مەڵبەند دەورێکی کاریگەرتر ببینن لە رووی ناساندنی کوردو مەسەلەی کوردستانەوە دەبێ تەنیا لە لەندەن نەگیرێن، بەڵکو لە شارەکانیشدا، بەتایبەتی لە جامیعەکاندا ، ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی قوتابیاندا .

هاورێینـــــە

ساڵی پاری مەڵبەند، ساڵی تاقیکردنەوە، ساڵی لەدایک بوونو پێ گرتـــنو خۆچەسپاندن بوو... ئەمەش نەدەکرا گەر بە هەموو هێزو توانا و مانایـــــەک بێلایەنیو سەربەخۆیی مەڵبەندمان نەپاراســـتایە... مەڵبـــەند مەیدانێـــکی خزمەتکردنە : خزمەتی خۆمان وەک تاکەکەس و کۆمەڵ لە بەریتانیادا و خزمەتکردنی خۆمان وەک نەتەوە. هەر کەسێ بۆ ئەو خزمەتکردنە بێتە پێشەوە ،پێشـــوازی لێ کراوە بێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکرێ سەر بە چ حیزب و لایەنێکە .. چونـــکە دەستووری مەڵبەند رێگای ئەو حیساب کردنە ناکات ... هەر حیزب و رێکخراوێـــک گەورە یان بچووک - مەودای وەک یەکی لە مەڵبەندا هەیە.. بلاوکـــــراوەو ئەدەبیاتی هەموو حیزب و رێکخراویکی نیشتمانی لە مەڵبەند هەیەو دەفرۆشــرێ. لیژنەکانی مەڵبەند جێگای کارکردن و کۆکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەن توانـــای رۆشنبیریو هونەریو هەر جۆرە چالاکیو خزمەتێکیان هەیە. هێزی مەڵبەند لـــەم رێبازە دیموکراتیە سەربەخۆیەدا خۆی دەنوێنێ .

٥) مەڵبەنـــدو کومەڵایەتیو پەناهێندەو ئاواران

بە شێوەیەکی گشتی دەوری کۆمەڵایەتی مەڵبەند لە دەورە رۆشنبیرییەکـــەی جیا ناکرێتەوە. کۆمەڵایەتی هەر جۆرە کارێک دەگرێتەوە کە کۆمەڵگای کـــورد پێکەوە کۆبکاتەوە، یان خزمەتی ئەو کۆمەڵگایە بکا و گیروگرفتەکانی چارەســەر بکا و ئەرک و ناخۆشییەکانی سووک بکا .. لێرەدا مەبەستمان مانای دووەمـــە... پێویستیو بەهانەی بوونی ئەو مەڵبەندە ئەو راستییەیە کە ئەمرۆ ژمارەیەکـــی زۆر کورد لە بەریتانیادا هەیە... ئەو کوردانەش بێگومان گیروگرفتی ژیـــانو تەندروستیو کارو خوێندن و راهاتنیان دێتە بەر. ئەمە واقیعێکە ناتوانیـــن چاویان لێ بپۆشین ... بۆیە دەبێ لایەنی کۆمەڵایەتیش واتە دەوری مەڵبەنـــد لە گرنگیدان بە ئەرکی خزمەتگوزاریو services زانین و.. بلاوکردنـــەوەو ئامۆژگاری information & advice و کەمیەین کردن بۆ چارەسەرکردنـــی هەندێ گیروگرفت . بایەخ دانی تایبەتی بە ژنانو منداڵان، بەکەم نەزانیــن ... دیارە زۆربەی کورد وەک ئاوارەو پەنابەر لە بەریتانیان . بۆیە گیروگرفتـــی پەنابەریتیو بەپەناهێندە قبووڵکردن گیروگرفتێکی سەرەکییە... مەڵبەنـــدی

ڕۆشنبیری کورد به ئاگاداریه‌وه بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه چووه‌و ده‌بێ زۆر به وریاییه‌وه په‌یوه‌ندی مه‌ڵبه‌ند به کێشه‌ی په‌نابه‌رانه‌وه ده‌ستنیشان که‌ین... له پێشه‌وه ده‌بێ ئه‌وه‌ش بزانین که مه‌ڵبه‌ند شوێنێک نییه بۆ چاره‌سه‌رکردنی گیروگرفتی په‌نابه‌رانو هیچ ده‌سه‌ڵاتێکی له‌م رووه‌وه نییه. ئه‌وه‌نده هه‌یه ده‌توانی حاڵه‌کان ( Cases ـ قه‌زیه‌کان ) بخاته‌ڕوو ـ و په‌یوه‌ندی به‌و ده‌زگا یاساییه ئینسانیانه‌وه بکا که ده‌توانن به‌پێی یاسای به‌ریتانیو به‌پێی بڕیارو داب و ده‌ستووری نێو ده‌وڵه‌تانو نه‌ته‌وه یه‌کگرتوکان دیفاع له په‌نابه‌رانی کورد بکه‌ن.. نابێ هه‌رگیز وا نیشان بدرێ، یان شتێکی وا بڵاوبکرێته‌وه ئه‌و ئینتیباعه بدا که مه‌ڵبه‌ندی ڕۆشنبیری ده‌توانی وه‌رگرتنی په‌ناهێنده له به‌ریتانیا ئاسان بکا ـ چونکه نه ڕاستییه‌که وایه، یا ئه‌مه شتێکه یا مه‌به‌ستێکه که ده‌بێ ئێمه بۆی هه‌وڵ بده‌ین ... هه‌روه‌کو شتێکی دی نابێ مه‌سه‌له‌ی په‌نابه‌ران و ئاواران له ته‌واوی مه‌سه‌له‌ی گه‌له‌که‌مان جیا بکه‌ینه‌وه...

مه‌سه‌له‌ی په‌نابه‌ران، گه‌رچی له شێوه‌ی ڕاسته‌وخۆیدا ، مه‌سه‌له‌یه‌کی ئینسانیه ، له بنه‌ره‌ت و به‌رده‌وامیو ئه‌نجامیدا مه‌سه‌له‌یه‌کی سیاسیه‌و په‌یوه‌نده به‌جه‌وهه‌ری کێشه‌و خه‌باتی بێووچانی نه‌ته‌وه‌که‌مان بۆ بڕیاردانی پاشه‌ڕۆژی خۆی . چاره‌سه‌ری ڕاسته‌قینه‌و درووستی کێشه‌ی په‌نابه‌ران به‌وه ده‌بێ ـ هه‌ڵاتنی خه‌ڵک و هاتنی په‌نابه‌ران بۆ ئه‌ورووپا ، یا ده‌ره‌وه‌ی کوردستان بوه‌ستێندرێ. هه‌ر کوردێک که وڵات به‌جێدێڵێ ، هه‌رنه‌بێ بسته زه‌وییه‌ک له‌دوای خۆی به بۆشایی به‌جێدێڵێ که هێزی داگیرکه‌ر پڕی ده‌کاته‌وه.. بۆشاییه‌کی دیکه‌ش له وره‌و مه‌عنه‌ویاتی خه‌ڵکدا درووست ده‌کا . هه‌ڵبه‌تا ده‌بێ لێره‌دا په‌نجه بۆ ئه‌و ڕاستییه ڕاکێشین که حیزب و ڕێکخراوه‌کانی سیاسی له کوردستاندا ئه‌رک و په‌یامێکی گه‌وره‌یان که‌وتۆته ئه‌ستۆ که هه‌رچی له توانایاندا هه‌یه بۆ وه‌ستاندنی لێشاوی کۆچ کردن، به‌ختی که‌ن ... دیاره هه‌رگیز له‌و باوه‌ره‌دا نین که له‌ژێر سایه‌ی ڕژێمه فاشیه داگیرکه‌ره‌کانی کوردستاندا ، ته‌نانه‌ت له داهاتوویه‌کی دووریشدا ، ئاشتییه‌کی ئه‌وتۆ به‌دی بێ ئه‌و تاوانو زۆرداریانه نه‌هێڵێ که تووشی ڕاکردنو ئاواره‌بوون ده‌که‌ن ... بۆیه ده‌بێ له زه‌مینه‌ی هه‌ست کردن به مه‌سئوولیه‌تی مێژوویی سه‌رشانیانه‌وه ، حیزبه‌کان مشوورێکی ئه‌م وه‌زعه بخۆن.. بۆ نموونه : یه‌کگرتنی هێزه‌کانی پێشمه‌رگه له کوردستاندا و فراوانکردنی ناوچه‌ی ڕزگارکراوو به‌ده‌ست هێنانی چه‌کی نوێ بۆ دیفاع کردن له‌و ناوچانه‌و هاندانی ئه‌و گه‌نجانه‌ی هه‌ڵدێن بۆ ڕووکردنه ئه‌و ناوچانه‌وه‌و ده‌ست پێکردنی حه‌مله‌یه‌کی فراوان بۆ درووستکردنه‌وه‌ی دێهاته خاپوورکراوه‌کان.. ئه‌مه کارێکه ده‌کرێو ده‌توانرێ ئه‌نجام بدرێ. ئه‌گه‌ر له ئاستی کوردستاندا چاره‌سه‌رییه‌ک بدۆزرێته‌وه ، ئه‌وا ده‌کرێ له ئه‌ورووپاشدا حه‌مله‌ی گه‌ڕانه‌وه به‌رپا بکه‌ین .

به‌هه‌رحاڵ ، ئێستا به‌داخه‌وه ، گیروگرفتی کۆچ کردن و په‌ناهینده‌یی ـ مان هه‌یه..

ئه‌و گیروگرفته‌ش له ڕوانگه‌ی ئه‌رکه‌کانی مه‌ڵبه‌نده‌وه دوو شت ده‌گرێته‌وه :

١ ـ یارمه‌تیدانی ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی دێن بۆ ئێره‌و خێزانه‌کانیان به‌پێی توانا و هه‌وڵدان بۆ چاره‌سه‌رکردنی گیروگرفته‌کانیان . هه‌وڵدان بۆ مانه‌وه‌ی ئه‌و

پەنابەرانەی لێرەنو وەرگرتنی پەناهێندەیی دایمی بۆیان، " زانیاری لەم بارەیەوە لە راپۆرتێکی ئیداریدا پێشکەش دەکرێ".

٢ ـ سەیرکردنی کێشەی ئاوارەیی، پەناهێندەیی وەک کێشەیەکی ئینسانی گشتیو کێشەیەکی سیاسی . پێویستە گرنگییەکی زۆر بە لایەنی دووەم بدەین ، بوونی دەیان هەزار کوردی ئاوارە لە ئەورووپادا خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی سیاسیو تەنانەت شارستانیی گرنگە گەر ئێمە بتوانین بەشێوەیەکی زیرەکانەو بەپێی نەخشەیەکی نەتەوەیی فراوان کەڵکی لێ وەربگرین . دەبێ هەوڵ دەین هەر کوردێکی ئاوارە لەجیاتی ئەوەی بۆشاییەکی درووست کردبێ، بۆشاییەک پڕبکاتەوە. دەبێ حیسابەکە لە ئەنجامی خەسارەت و دۆڕانەوە بکەینە ئەنجامی بردنەوەو قازانج... چونکە لە ئەورووپادا تەنیا بوونی کەسان وەک ژمارە گرنگە.. کەمترین شت ( اضعف الایمان ) کە کوردێک دەتوانی بیکا ئەوەیە بەپێوە بوەستێ، لە ڕیزدا بوەستێ، بۆ ئەوەی بژمێردرێ، بۆ ئەوەی حسێبی بکرێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرەی میللەتەکەیدا حسێب بکرێ ... جا چ لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا بن، یا لە خۆپیشاندانێکدا ، یان لە پیکێتێکدا .. یان هەر پرۆژەیەکی بەکەڵک و یەککرتوودا . جگە لەمەش شتێکی گرنگە کە ئێمە بتوانین دەرفەتی لە ئەورووپا بوون، بۆ درووستکردن و پەروەردەو بارهێنانی ئەو کادیرانە بەکاربێنین ـ کادیری عیلمیو هونەریو رۆشنبیریو سیاسی ـ کە چ لە قۆناغی ئێستاماندا و چ لە قۆناغەکانی داهاتووی خەباتی گەلەکەماندا پێویستیمان پێیان دەبێ ....

لەلایەکی دیکەشەوە ، بوونی هەزاران پەنابەریکورد لە ئەورووپادا خۆی لە خۆیدا سیاسی کردنو جیهانی کردنی مەسەلەی کوردە. جا ئێمە با خۆمان کەڵک لەمە وەرگرین بۆ ئەوەی لە رێگای گیروگرفتی پەنابەرانەوە ( کە گیروگرفتێکی ئینسانییەو لە رێگای زۆر دەزگاو رێکخراوی مرۆڤپەروەری جیهانییەوە دەتوانرێ بخرێتە روو ـ و حەملەی بۆ بکرێ ) ناوەرۆکی سیاسی مەسەلەکەمانو تاوانکاریو درندەیی داگیرکەرانی کوردستان ـ بەرای گشتی دنیا بگەیەنین... بوونی دەیان هەزار ئاوارەی کورد لە ئەورووپادا ، کە ژمارەیەکی زۆر خوێندەوارو رووناکبیریان لەناودا هەیە ، خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی راستەوخوو بەرچاوو رەش نەکراوەیە کە مەسەلەی کورد مەسەلەی چەند عەشیرەتێک نیە لە نیوان شاخەکانی سنووری عێراق و ئێرانو تورکیەدا خەریکی دوژمنایەتی یەکترو ناڕەحەت کردنی دراوسێکانیان بن ، وەک زۆر جار پڕوپاگەندەی دەزگای راگەیاندنی سەرمایەداری باسی دەکا .. بەڵکو مەسەلەی مانو نەمانو ئازادیو کەرامەت و چارەنووسی گەلێکی (٢٥) ملیۆن کەسیە... ئێمە دەتوانین لە رێگای ئامادەکردنی زانیاری تەواو وردو درووست دەربارەی گیروگرفتی ئاوارانی کوردو رێکخستنی هەوڵێکی یەککرتوو لە ئاستی جیهانیدا مەسەلەی ئاوارەو پەنابەرانی کورد بکەینە مەسەلەیەکی ئینسانیو سیاسی جیهانیو بیخەینە بەردەم نەتەوە یەککرتوکان •

بەڵام مەسەلەی ئاوارانی کورد تەنیا ئەوانە ناگرێتەوە کە لە ئەورووپان..

ئێمە هەزاران ئاوارەمان کە لەدەست تاوان و درِندەیی فاشیستەکانی عێراق هەڵهاتوون یان بەزۆر دەرکراون ، لەوپەری ژیانی کوێرەوەریو ئازارو تاڵ و تفتیدا لە ئۆردوگاکانی ئێراندا لە تاریکایی چارەنووسی نادیاردا ، دەتلێینەوە ... چەندان ساڵە برا فەیلییەکانمان لە ئۆردوگای جەهرومدا بە کولەمەرگیو هەزاری ژیان دەبەنەسەرو لە کەمترین ئازادیو مافی مرۆڤانە بێبەشنو بەردەوام سیاسەتی ترساندنو تۆقاندنو چەوساندنەوەیان دەرحەق ئەنجام دەدرێ. گەنجانو رووناکبیرانی کوردیش لە ئۆردوگای کەرەجو ئۆردوگاکانی تردا گەیشتوونە ئەو رادەیەی کە مردن بە ئاوات بخوازن، یان لە داخو خەمو بێ دەسەلاتیدا شێت بن یان ببنە دەروێش ... یان بۆ هەر لایەک بێ سەری خۆیان هەڵگرن ... ئێوە زوربەتان کاتێکتان لەو ئوردوگایانەدا بەسەر بردووەو ئاگادارن .. بۆیە لێرە باسی دەکەین چونکە چەندەها نامەو ناڵەو هاوارمان پێ گەیشتووە: کە موخابین لە داخو ئاخی بێ دەسەلاتیەوە هیچی دیمان پێ نەکراوە. بۆیە تکا دەکەم بمبەخشن کە لێرەوە داوای لێبووردن لەو برادەرانە بکەم کە لێقەوماویو کەساسی خۆیان بەرەو رووی ئێمە کردوتەوەو نەمانتوانیوە یاریدەیان بدەین . چونکە گرفتاریەکە مەسەلەیەکی تایبەتی چەند کەسانێک نیە - مەسەلەی ژیانو پاشەرۆژو کەرامەتی هەزاران رۆڵەی کوردە ، بۆیە دەبێ چارەسەرییەکی گشتیو بنەرەتی بۆ بکرێ ... خۆشحاڵین کە پێتان رابگەیەنین کە مەڵبەند توانی بە هاوکاری چەند برایەک ( کە زانیاری پێویستیان دەربارەی ژیانی ئۆردوگاکان بۆ هێنایین ) راپۆرتێکی رێک و پێک دەربارەی باری ئاوارانی کورد لە ئۆردوگاکانی ئێراندا ئامادە بکاو حەملەیەکی بەردەوامیش - بە پشت بەستن بەو راپۆرتە - بۆ دیفاع کردن لەو پەنابەرانەی لە بەریتانیانو تا ئێستا مافی پەناهێندەیان نەدراوەتی، دەست پێبکا ... ئەنجامەکانی ئەو راپورتەو ئەو کەمپەینە زۆر سوودبەخش بوون، دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی زۆر مەترسی دەرکردنو ناردنەوە بەنیسبەت ئەو کەسانەوە کە لێرەن، نەماوە... جگە لەمەش وێنەی راپۆرتەکە دراوە بە ئەنجوومەنی بەرزی پەناهێندانی نەتەوە یەکگرتوکان لە جنیف و ئەویش بۆ هەموو لقەکانی لە جیهاندا ناردووە . هەروا وێنەی راپۆرتەکە دراوە بە سەلیبی سوورو چەندەها رێکخراوی ئینسانیو یاسایی جیهانی .... ئەمنیستیش : پشتگیرییەکی تەواوی کەمپەینەکەمان دەکاو راپورتەکەش بلاودەکاتەوە... ئێستا هەلومەرجی لەبار هەیە بۆ ئەوەی کۆنفرانسێکی جیهانی دەربارەی گیروگرفتی ئاوارانی کورد رێک بخرێ.. رێکخستنی کۆنفرانسێکی ئاوا کارێکی پێویستە بۆ سیاسی کردنو جیهانی کردنی مەسەلەی کورد بە تێکرایی بەڵام بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی جیهانی پێویستمان بەوە هەیە راپۆرتێکی زۆر دوورو درێژو زۆر رێک و پێک و پرِ زانیاری ووردو راست ، بەژمارەو رۆژو رووداوەوە، ئامادە بکەین ... بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بەوەیە کە دەیان بەڵکو سەدان کەس - تەجروبەی تاکی خۆیانو ئەو زرووفەی پاڵی پێوەناون لەسەر خاک و ماڵی خۆیان هەڵکەندرێنو ئاوارەبن، سەرگوزشتەی کۆچو دەربەدەریو چەرمەسەری خۆیان تومار بکەن . هەر وەکو پێشتر پەنجەمان بۆ راکێشا ، نابێ گیروگرفتی ئاوارانی کورد، وەک تەنها گیروگرفتی پەناهێندەی کورد لە ئەورووپا

یان تەنها گیروگرفتی پەناهیندەی کورد لە ئێران باس بکەین ، بەڵکو ئەوانەش وەک بەشێک لە چەوساندنەوەی تێکرایی گەلی کورد وەک گەلێکی بێ کەس و بێ دەوڵەت باس بکەین ... بۆیە پێویستمان بەوەیە راپۆرتێکی تێرو تەسەل ئامادەکەین کە تەواوی مەسەلەی کورد لە رووی مێژوویییەوەو واقیعی دابەشکراوی کوردستانو چەوساندنەوەی گەلی کورد لەلایەن هەموو رژێمە داگیرکەرەکانەوە باس بکا .

لە دواییشدا ، هاورێینە ، کاتێ سەرنجی کارەکانی مەڵبەند لە ماوەی ساڵی درووست بوونیدا و پێکهێنانیدا دەدەین، دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە ئەو کارانە لە سفرەوە دەست پێکراون، هیچ پارەو پاڵپشتێکی ماددی نەبووە... هیچ تاقیکراوەیەکی لەوەپێش نەبووە... گیروگرفتی(پارە) کۆسپێکی گەورە لە رێگای کارو چالاکی مەڵبەند- دا درووست دەکا ... بەڵام ئەم گیروگرفتەو هیچ گیروگرفتیکی دیکەش دوور لە چارەسەری نیە گەر بە ووردیو بە ژیریو هۆشمەندیو دڵسۆزیەوە بۆ مانەوەو پێشکەوتنو سەرکەوتنی مەڵبەند کار بکەین - سەرچاوەی دارایش لە چەند روویەکەوە دەبن -

١ - یەکەمو گرنگترینیان ( fund-raising )ە - واتە وەرگرتنی گرانت - یارمەتی لەو دەزگا رۆشنبیریو کۆمەڵیو ئینسانیانەوە کە یارمەتی رێکخراوی وەک هی ئێمە دەدەن . لەبەر ئەوەی مەڵبەند - ئەرکی زۆرەو هەر لەو کاتەدا دەوری ئینسانیو کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەیەو - گیروگرفتی پەنابەران ئەرکێکی سەرەکی مەڵبەندەو- جگە لەمەش لە ئاستی هەموو بەریتانیادا هەیە- لەبەر ئەم هۆیانە دەتوانرێ لە زۆر دەزگاو سەرچاوەوە یارمەتی بۆ وەربگیرێ. بەڵام پێویستە بەلای کەمەوە کەسێکی لێزانو زمانزانو شارەزاو تەدریب پێکراو خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کا ، هەمووئەو سەرچاوانە دەستنیشان کا کە دەشێ یارمەتیان لێوە بەدەست بێ.. لە راپۆرتی ئیداریدا زانیاری زیاتر لەم بارەوە هەیە .

٢ - دووەم- ئەوەیە مەڵبەند بێتە ( charity ) واتە کۆمەڵێکی خەیری . ئەمە قازانجی ئەوەی هەیە کە کرێ خانوو تاکس و زۆر ئەرکی دی لەسەر شانی مەڵبەند هەڵدەگیرێ . بەڵام زیانیشیهەیە چونکە دەشێ مەڵبەند لە ئاکامدا سەربەخویی خۆی - لەرووی ئیدارییەوە- لەدەست بداو هەروەها مەودای کارو چالاکی سیاسی راستەوخوی نامێنێ... لەبەر ئەوە باشتر وایە کومیتەی بەرێوەبردنی نوێ بە ووردی دەرسی ئەم مەبەستە بکاو گەر مەڵبەند وەک charity ش تومار بکرێ، بەشێوەیەک بێ زیان لە چالاکیو سەربەخۆیی نەدا .

٣ - کۆکردنەوەی یارمەتی لە خەڵکی کورد : ئێمە گلەیی ناکەین گەر ساڵی رابردوو پێشکەشکردنی یارمەتی بە مەڵبەند لە سنووری کەم یا نەبوو- دا بوبێ. ساڵی یەکەم ساڵی تاقیکردنەوە بوو- هەقی هەر کەسیکە کە یارمەتی دەدا بزانێ پارەکە بۆ کوێ دەرواو لە چ کارێکی باشدا سەرف دەکرێ . جا بە نیسبەت ساڵی داهاتووشەوە پێویستە کۆمیتەی بەرێوەبردن نەخشەو پروگرامێکی درێژ خایەن بۆ چالاکیو پرۆژەی رۆشنبیریو هونەری ئامادە بکا ، تا ئەوانەی یارمەتی دەدەن بزانن یارمەتی چ جۆرە پرۆژەیەک دەدەن .

٤ ـ ئابوونەی ئەنداﻣێتیو يارمەتی ئەندامان : ئابوونەی ئەنداﻣێتی ٢/٥ پاوەند بۆ بێ کارو (٥) پاوەندیش بۆ خاوەن کار، بۆ ساڵێک ، زۆر کەمەو تەنانەت هەقی ئەو پوولانەش دەرناهێنێ کە بۆ ناردنی پۆست سەرف دەکرێ .. پێویستە ئابوونەی ساڵانە بەلای کەمەوە بکرێتە (٥) پاوەند بۆ بێ کارو (١٠) پاوەندیش بۆ خاوەن کار.. زیاد لەمەش ئەگەر ئێمە کەمێ حەماس و هەستی دڵسوزیمان بەرامبەر رۆشنبیریو هونەرو بەرزەوەندی تێکرایی کەلەکەمان هەبێ، ئەوا هەر نەبێ دەتوانین قوربانی بە کەمێ لە سوودی خۆمان بدەینو گەر مەڵبەند تووشی کیروگرفتی دارایی توند بوو رزگاری بکەین . بۆ نموونە: هەموو گرانتەکەی پاری GLC ی هەژدە هەزار پاوەند بوو، ئەگەر لە هەموو بەریتانیادا (٣٠٠)کورد هەبن بتوانن یەکی مانگی (٥)پاوەند بەخت بکەن، ئەوا ساڵی دەکاتە ( ١٨/٠٠٠ ) پاوەنەکە... واتە بەلای کەمەوە مانی مەڵبەند مسۆگەر دەبێ... ئەمە هەر وەک نموونەیەک و بەس !! •

****

لە ئاکامدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە: سەرەتا و کۆتایی خۆمانین، تەنیا پێکەوە بوونمان هێزێکی گەورەیە ، گەر ئەو هێزە بە زیریو هۆشمەندیو بە پێی نەخشەی درێژخایەن ـ بەکاربێنین ـ دەتوانین سەرکەوتنی گەورە ئەنجام بدەین.. هیچ شتێ لەبەردەم عەقڵ و هەوڵی یەکگرتووی مرۆڤدا موستەحیل نییە... با لە دواییشدا ئەم مەبەستە بچووکەتان بۆ بگێرمەوە...

بەر لە دوو هەفتە لە جامعەیەکدا فلیمی(یۆل) نیشان دەدرا و منیش بانگ کرابووم پێش فلیمەکە باسێکی مەسەلەی کورد بکەمو دوای فلیمەکەش لەگەل قوتابیەکاندا لێی بدوێم... یەکەم پرسیاری قوتابیەک ئەوە بوو: ئێوە نوێنەرتان لە نەتەوە یەکگرتۆکاندا ( ئوممەمی موتەحیدە ) کێیە ؟!

ووتم: نوێنەرمان نییە .

هەندێ قوتابی جەزا ئیریو مەغزیبی پێیان سەیر بوو، یەکسەر ووتیان چۆن: خۆ (پولیساریۆ) هەر چەند عەشیرەتێکن لە خێوەتدا دەژین نوێنەریشیان لە نەتەوە یەکگرتۆکانو لە هەموو شوێنێکدا هەیە .

منیش زور هۆی جوگرافیو سیاسیو جیهانیم باسکرد.. تا پاکانەی ئەوە بکەمنە رێکخراوێکی سیاسی نەتەوەییمان هەیە.. نە نوێنەر لە نەتەوە یەکگرتۆکانو شوێنی تردا . بە کورتی گوتم دوستمان نین و دوژمنمان زۆرن . بەڵام بەدەست خۆم نەبوو لەو کاتەدا هەستم کرد تەواو راستگۆ نەبووم.. قسەیەکی (سەید)ی پاڵەوانی فلیمی (یۆل) لە مێشکمدا دەزرنگایەوە .

سەید ـ کارەساتەکەی خۆی بەو رستەیە دەردەبڕێ :

( ئاخ عەقڵی خۆم دوژمنمە ) •

گەلانی دنیا کەم یان زۆر، توانیویانە عەقڵ بۆ خزمەتی خۆیان ، بۆ بنیاتنانی ژیان و شارستانیەت و پاشەرۆژی خۆیان بەکاربێنن .

ئێمەش تاکەی عەقڵی خۆمان دوژمنمان بێ؟!

با : هەست بە قووڵی برین و زامی کارەساتی نەتەوەکەمان بکەین - با راچەنینو بیربکەینەوە . با یەکگرینو پێکەوە نەخشەی پێشکەوتنو سەرکەوتن دابنێین . با نەگەڕێینەوە بۆ دوواوە . با بۆ پێشەوە هەنگاو بنێین .

****

دەقی ئەم راپورتە لەلایەن سەرۆکی مەلبەندی روشنبیری کورد کاکە کەمال میرا ودەلیەوە لەروژی ١٩٨٦/٦/٧ دا پیشکەش بە یەکەم کونفراسی مەلبەند لەلەندەن - کرا .

MELBENDÎ ROŞINBÎRÎ KURDÎ LE LONDON _

1986.

نرخی ٢٥ پێنسه